# خوێندنەوەی هزری سیاسی لە تورکیە خولیای پان تورکیزم

ن: نبی اله روحی
و: مووسا باباخانی

**سەرەتا**

پان تورکیزم وەك ئیدئولوژییـەکی نەتـەوەخواز و بزوتنەوەیەکی سیاسی ـ کلتووری لە سـەدەی ١٩ بـە هۆی رۆنـاکبیرانی عوسمـانی (تورکیـە) کـە لـە ژێـر کاریگەری ناسیۆنالیزمی رۆژئاوا بوون، سـەریهەڵدا. ئەم بۆچوونە سیاسییە خوازیاری یەکیەتیی کلتووری، زمانی، سیاسی هەموو ئەو تورکانە بوو کە بـە پیـێ زمانگەلی هاوبەش، عەشیرە، مێژوو و داب‌و نـەریت وەك یەك پێناسە دەکرێن.

بە پیێ ئەم بۆچـوونە، تورکزمانـە موسـڵمانەکان کە لـە وڵاتگـەلی جیـاواز دەژیـن، بەشـەکانی یـەك نەتەوەی گەورە بە ئـەژمار دێـن و هـەمووی ئەوانـە دەشێ لە دەوڵەتێکدا یەکبگرن.

بێجگە لە هۆکارە سروشـتییەکان و هاوسـنووری تورکیە لەگەڵ ئەوروپا، زۆرکەس لـەو بڕوایـەدان کـە نەتـــەوەخوازی تـــورك بـــە هـــەوڵ و تێکۆشـــانی خۆرهەڵاتناسانی رۆژئاوا پێکهات‌و پەرەی سـەندووە، کە لە نێوان ئەو کەسایەتیانە رۆڵی کەسانێکی وەکـو ئارمینۆس وامبری، لئون کاهۆن و ئارتورلملی دیویـد دیـارترە. هێنـدێکیش ئیـسمەعیل گاسپارنـسکی، مامۆستاو ئەدیبی تاتار بە پێکهێنەری پان تـورکیزم دەزانـــن کـــە بۆچـــوونەکانی جێگـــای ســـەرەنجی عوسمانییـــەکان بـــووو رێگـــەی بـــۆ پەرەســـەندن‌و سەرهەڵدان لەم وڵاتەدا دۆزیەوەو رۆنـاکبیرانی تـورك لـەو بڕوایـەدا بـوون کـە نەتـەوەخوازی دەتـوانێ کۆمـــەڵگای تـــورکی زینـــدوو بکاتـــەوەو کـــەم‌و کوڕییەکانییان چارەسەر بکا. تورکانی عوسمـانی لـە پـێش دا پـان ئیـسلامیان وەکـو کەرەسـتەیەك لـە ئیختیار پان تورکیزم دانـابوو کـە لـە کـاتی لاوازی ئیمپراتۆری عوسمـانی، ئیـدیۆلۆجی پـان ئیـسلامیزم هێدی هێدی خۆی لـە پـان تـورکیزم جـۆی کـردەوە. تورکە لاوەکان دوای بەدەستەوەگرتنی دەسـەڵات لـە

ساڵی ١٩٠٨ پێڕەویان لە بۆچوونەکانی پان تورکیزم کە هاندەری یەکیەتیی هەموو تورکزمانەکان بووە دەکرد. ئامانجی ئەوانە بە شێوەی سروشتی ئازەربایجانی ئێران و ناوچە تورکزمانەکانی پێشووی ئێران لە قەفقاز بوو. هەر بۆیە تورکە لاوەکان لە پێشدا سیاسەتێکی پان تورکیستییان لە بەرانبەر ئازەربایجانی ئێران و ناوچە تورکزمانەکانی قەفقاز دا گرتەبەر.

دوابەدوای هەرەس هێنانی دەوڵەتی"یەکیەتیی و پێشکەوتن" و بە دەسەڵات گەیشتنی کەمالییەکان، پێکهێنانی تورکیەی نوێ لە چوارچێوەی هاوپەیمانیەتی نەتەوەیی جێگەی گرت و هەموو شێوەکانی پێشکەوتنخوازی پان تورکیزم لە گۆڕەپانی سیاسەت کۆتایی پێهات. لەگەڵ سەقامگیربوونی ئەسڵەکانی کەمالیزم وەکو هزری زاڵ بەسەر تورکیەدا، پان تورکیزم بە بەراورد لەگەڵ کاتی دەسەڵاتی خۆی، واتە ساڵەکانی دەسەڵاتداری کۆمیتەی "یەکیەتیی و پێشکەوتن"، بە شێوەیەکی بەرچاو بایەخی سیاسی خۆی لە دەست دا و لە ژێر ناوی بزووتنەوەیەکی کلتووری درێژە بە ژیانی خۆی دا.

دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت، ویستە پەنگخواردووەکانی پان تورکیستی سەریانهەڵدایەوە. لە تورکیە دوای رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و کۆتایی هاتنی شەری سارد، سیاسەتی ڕووکردنە رۆژهەڵات، وەخۆ کەوت. بە پیێ ئەم سیاسەتە رێبەرانی تورکیە رۆڵێکی نوێیان بۆ ئەم وڵاتە لە ناوچەی ئاسیای ناڤین و قەفقاز لەبەر چاو گرت، هەبوونی پێنج کۆماری تورکنشینی ئازەربایجان، تورکمەنستان، قەزاقستان، ئۆزبەکستان و قرقیزستان و خاڵە هاوبەشەکانییان وەك زمان و ئایین بووە هۆی پەرەسەندن و سەقامگیری پێوەندی تورکیە لەگەڵ ئەو چەند کۆمارەدا. ڕوانگەی تورکخوازی توندرەوانەو رۆڵی خۆ بە براگەورە زانینی تورکیە لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم وڵاتانەدا و پیلانە پان تورکیستە سەرەتاییەکان، بە هۆی بەربەستگەلێکی خودی تورکیە لەو بوارەدا، دژایەتیکردنی رووسیە و رۆژئاوا، جێبەجێ نەکرا. بۆیە تورکیە بۆ پەرەسەندنی تورکخوازی و پێناسەی ئەم وڵاتە وەك وڵاتێکی دیموکرات، سکۆلار و بەستراوە بە سیستمێکی بۆرژوازی ئابووری بازار، سیاسەتو بەرنامەگەلی کلتووری و راهێنانی تایبەت لە ناوچەی ئاسیای ناڤین و قەفقاز دا گرتەپێش.

ئامانج لەم نووسینە خۆێندنەوەیەکی دیاردەی پان تورکیزمە. بۆ ئەم مەبەستە دوای تیشك خستنە سەر چۆنیەتی سەرهەڵدان و بنەمای هزرەکەی، دەچینە سەر پان تورکیزم و پەرە پێدان و هێنانە ژێر رکێفی نەتەوەکانی دیکە.

### بنەماکانی هزری پان تورکیزم

هێندێك لە رۆناکبیرانی سکولاری عوسمانی (تورکیە) لە سەدەی نۆزدەیەم یەکەم کەس بوون کەوتنە ژێر کاریگەری ناسیۆنالیزمی سکۆلاری رۆژئاوا. نێوی ئەم گرووپە "عوسمانیگەرایانی لاو" بوو، یەکەم ناوەندی ناسیۆنالیزمیان لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا پێکهێنا و لەو بروایە دا بوون کە ناسیۆنالیزم دەتوانێ روحی نوێ لە کۆمەڵگای تورك بینێتە دی و ببێتە چارەسەری کەمو کورییەکانی ئەو

کۆمەڵگایە. ئەم کەسانە هاندەری ریفۆرمی کۆمەڵایەتی، سیاسی، نیزامی و کلتووری بوون. ئەم ریفۆرمانە لە نێوان ساڵەکانی ١٨٣٨ تا ١٨٨٦ جێبەجێ کرا و بە "تنظیمات" ناوبانگی دەرکرد.

گرووپێکی دیکە لە رووناکبیران و خوێندکارانی ئورووپا لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا رێگەی "عوسمانیگەرایانی لاو"یان گرتە پێش، ئەم گرووپە کە بە"تورکانی لاو" ناوبانگیان دەرکردبوو، لە پێشدا هەوڵیان دا پان ئیسلامیزم بهێنە ژێر رکێفی پان تورکیزم و دەسەڵاتی تورك لە هەموو وڵاتگەلی ئیسلامی رۆژهەڵاتی ناڤین دابمەزرێنن. تورکانی لاو لە لایەك باسیان لە یەکیەتیی ئیسلامی دەکرد و لە لایەکی دیکەشەوە پروپاگەندەیان بۆ پان تورکیزم دەکرد. کۆمیتەی ناوەندی حزبی "یەکیەتییو پێشکەوتن" لە ساڵی ١٩١١ خوازیاری پەرەپێدانی زمانی تورکی لە هەموو ئیدارەی ئیسلامیی بوو و ئەوەیشی بە مەرجی پێویست دەزانی بۆ دەسەڵاتی تورکەکانو مەحاڵ هەبوونی نەتەوەکانی دیکە. [٢]

لە ئیمپراتۆری عوسمانیدا ئیدئولوجی پان ئیسلامیزم وەکو کەرەستەیەك لە خزمەت پان تورکیزم دابوو، بەڵام لە کاتی لاوازی ئیپراتۆری عوسمانی، ئیدئولوژی پان ئیسلامیزم هێدی هێدی لە پان توکیزم جۆی بووەوە و خوازیاری یەکیەتیی تێکڕای تورکان بوو لە سەرانسەری جیهان. هەر لەم رێگەیەوە بێجگە لە تێکۆشانی سیاسی هەوڵیاندا زانستیانە ڕابردوو، مێژووی نەتەوە تورك زمانەکان بکەن بەیەك. پان تورکەکان پتر لە رابردووی تورکی ـ مەغولی کەڵکیان وەردەگرت تا لە کلتووری ئیسلامی. زیا گۆگ ئالپ، بە ناوبانگ ترین کەسایەتیی هزری پان تورکیزم، لە یەکیك لە بەرهەمەکانی خۆیدا دەڵێ، ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە بە سەدان ملیۆن تورك لە یەك دەوڵەتدا کۆبکەینەوە[٣]

بێجگە لەو شتانەی باس کرا، وەك هاوسنووری تورکیە لەگەڵ ئورووپا، زۆرکەس لەو بروایەدا بوون کە نەتەوەخوازی تورك بە تێکۆشانی هێندێك کەسانی ئورووپایی کە لە بنەرەتدا جوولەکە بوون پێکهات و پەرەی سەند. یەکەم کەس ئارمبینوس وامبری بوو. رۆڵی ئەو لە پێکهێنانی نەتەوەخوازی تورك و عەرەب لە کەسانی دیکە فرەتر بوو[٤] ئەو کوڕی جوولەکەیەکی خەڵکی مەجارستان و کەسایەتییەکی بە هێز، کۆمەڵناس و تورکناس بوو. ماوەیەکی فرە لە وڵاتی عوسمانی و ئاسیای ناڤین بەسەر برد و بە یەکێك لە دۆست و راوێژکارانی سوڵتانی عوسمانی بە ئەژمار دەهات[٥]، لەسەر پێویستی زیندووبوونەوەی نەتەوەی تورك بەرهەمێکی زۆری بڵاوکردەوەو لە زمانو ئەدەبیاتی تورکی کوڵییەوە. بەرهەمەکانی جێگای متمانەی تورکە لاوەکان بوو، فرەتر بۆ نیشتمانپەروەری هانی دەدان[٦]. وامبری بەشێکی کتێبەکەی خۆی"پیلانەکانی ئاسیا"ی کە لە ساڵی ١٨٦٨ نووسرابوو بۆ تورانیەکان تەرەخان کرد. دەیگوت هەموو تورکەکان یەك ئەتنیکن. وامبری لە کتێبەکەی خۆی بە ناوی "سەفەرەکانی ئاسیای ناڤین" نەخشەی ئیمپراتۆری پان تورکیزمی دەکێشا. ئاشکرابوو گشت هەوڵەکانی وامبری مانادان بە ئیمپراتۆری پان تورکیزم بوو بە مەستی هاندان و

بوژاندنەوەی ناسیۆنالیزمی تورکەکانی ئیمپراتۆری عوسمانی، قەفقاز و ئاسیای ناڤین دژی رووسیەی تزاری، رەقیبی سەرەکی ئیمپراتۆری بریتانیا، لە "کایەی گەورەی ئاسیا". (٧)

دووهەمین کەس لئون کاهوونە کە نووسەریکی جوولەکەیەو خەڵکی فەرانسە بوو. دەکرێ بڵێین ئەو دیارترین کەسایەتیی هزری پان تورکیزمە کە زۆرترین کاریگەری هەبوو لە سەر گوگ ئالپ باوکی هزری پان تورکیزم. ئەو لە ساڵی ١٨٩٩ کتێبێکی بە ناوی" پێشەکیەك لە مێژووی ئاسیا" نووسی و لەو کتێبەدا باسی گەورەیی و سەروەری ئەتنیکی تورك لە مێژوودا دەکا. ئەو کتێبە لە دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم کرا بە تورکیو ژمارەیەکی زۆری لێ بلاوکرایەوە. جگە لە نووسینی کتێب و وتار، لە رێگەی لاوانی تورك لە فەرانسە دەستی کرد بە پێکهێنانی رێکخراوگەلی دژبە ئیمپراتۆری عوسمانی (٨). لە راستیدا یەکێك لەو کەسانەی بۆچوونەکانی لەمەڕ نەتەوەو مێژووی تورك و بۆچوونی سیاسی تورکیە کاریگەربوو، لئون ماهوون بوو. (٩)

بیرمەندێکی دیکە جوولەکەیەکی بریتانیایی بەناوی ئارتۆرللی دیوید بوو کە هات بۆ تورکیە کتێبێکی بە ناوی"تاوتوێیە سەرەتاییەکان" نووسی و لەو کتێبە هەوڵی دا بیسەلمێنێ تورکان خاوەنی ئەتنیکی سەربەخۆن و لە عەرەبو نەتەوەکانی دیکە بالاترن. ئەو کتێبە تورکانی ئاگادار دەکردەوە کە نەتەوەیەکی خاوەن سەروەرین. (١٠)

لە ساڵی ١٨٩٦ نووسەریکی دیکە بە ناوی علی ساوی نووسراوەیەکی بە زمانی تورکی بلاو کردەوە کە تا رادەیەك لە بەرهەمەکەی دیوید وەرگیرابوو باسی لە گەورەیی و رابردووی پر لە سەروەری تورکان دەکرد(١١).

یەکەمین لێکولێنەوەی رێكوپێك لە سەر ئەتنیکی تورك لە تورکیەی عوسمانی لە لایەن دیوید بلاوکرایەوە. کتێبەکە رێزمانی تورکی و نەخشەیەکی جوگرافی ناوچە تورکزمانەکانی ئاناتۆل، رووسیە، بالکان و رۆژهەلاتی ناڤینی تێدابوو لەگەڵ باسێك لەمەر پەیوەندی و دیالێکتەکانیان. ئامانج لە بلاوکردنەوەی ئەم کتێبە، پروپاگەندی هزری پان تورکیزم و یەکیەتیی تورکەکان بوو.

فرە لە تورکەکان بە کەڵکوەرگرتن لە بەرهەمەکانی رۆژئاوا خۆیان بە تۆرانی حیساب دەکردن و خۆیان بە رەسنترین رەگەزی جیهان لە قەڵەم دەدا، زاراوەی تۆران یەکەمجار بە شێوەی"تورە" و "توریا" لە بەرانبەر "ئێران" و ئاریا" لە ئاڤێستای زەردەشتدا ناوی براوە. لە ئەوێستادا کە یەکێکە لە کۆنترین سەرچاوە مێژوویيەکان و کتێبی پیرۆزی زەردەشتیانە، تۆران بەشێك بووە لە خاکی ئێران. (١٣) لە شاهنامەی فردەوسی باسی شەرەکانی ئێرانو عوسمانی کراوە(١٤) ناوی تورك وەك نەتەوەیەکی وەحشی یەکەمجار لە سەدەی شەشی زایینی هاتۆتە ئاراوە. لەم سەدەیەدا تورکەکان، دەوڵەتێکی بیاباننشینیان دامەزراند کە لە مەغۆلستان و سنووری باکووری چین تا دەریای رەش درێژ دەبۆوە(١٥). سەرەڕای ئەمانە، رۆژهەلاتناسانی رۆژئاوا کە هزری پان عەرەبیزم و پان تورکیزمیان هێنایە گۆڕێ، لایەنگرانیان لەناو دەوڵەتی عوسمانی، کۆماری تورکیە و کۆماری

ئازەربایجان و تـۆران، لـە چـەمکی ڕەسـەنی خۆیـان هێنایە دەرێو بۆ خزمـەت بـە ئامـانجێکی سیاسـی دیاریکراو بـەکاریانهێنان. زنکوفـسکی لـەم بـارەوە دەڵێ [١٦] ئاقایف، ضیاء گوگ ئالپ و ناسیۆنالیستە لایەنگرەکانی لە خۆشیان نەیاندەزانی ئـەو شـکۆیەی تۆران وەك نیـشتمانی خـەیاڵی کۆمـەڵگای تـورك ـ مەغۆل لە سەر رایەکی ناراسـتی ئـەدەبیو زانـستی دامەزراوە. زاراوەی تۆران یەکەمجار لـە کۆتاییـەکانی سەدەی ١٩ و سەرەتاکانی سەدەی٢٠ بـە هەڵـە بـۆ ناوچـەیەکی ــ تـورکی ـ مـەغۆلی ئاسـیای نـاڤین بەکارهاتووە. ئەم هەڵە فرەترە لە خاڵە هاوبەشەکانی نێوان وشەگەلی تورانو تـورك، پـتر لـە وێکـچوونی وشەی تورك و تۆرانەوە هاتووە، تۆران بەرەسـەن وەك لــە داســتانەکان و شــانامەی فێردۆســیدا هــاتووە بەمانای سەرزەمینی تورك و مەغۆل نەبووە، بـەڵکو بەمانای دانیـشتوانی سـەرزەمینی بـاکوری ئێرانـی دێـرین بـووە کـە تـا سـەدەی شەشـەمی زاینـی لەسەرانـسەری ئاسـیای ناڤینـدا ژیـاون. سـەرئەنجام فەرهەنگی زاراوەناسی پان تورکیزم و تێکڕای هەوڵی پان تورکیستەکان بۆ ناساندنی سەرزەمینی پڕشکۆی تـوران وەك سـیمای نەتـەوەیی، دەرئـەنجامی خـراپ کەڵك وەرگرتن بووە لە زاراوەیەکی جوگرافیای پووچ.

هێندێك لە توێژەران ئیـسمەعیل گاسپرنیـسکی وەکو مامۆستا و ئەدیبی تاتـار بـە داهێنـەری پـان تورکیزم پێناسە دەکـەن. ئـەو جگـە لـە تێکۆشـانی کلتووری بۆ موسلمانەکانی رووسیە بـە پـێ داگـرتن لەسـەر خاڵـە هاوبەشـەکانی ئـایینی و نەتـەوەیی و زمانی موسڵمانەکانی رووسیە، گەلاڵـەی یەکیـەتیی هەموو تورکەکانی ئەو ناوچەیەی هێنایە گۆڕێ. ئـەم بۆچوونە لە ماوەیەکی کورت لـە نێـوان رۆنـاکبیرانی موسڵمانی رووسـیە بـەخاڵێکی پۆزەتیـف وەرگـیراو بووبە هێزێکی سیاسی و کلتووری گـرینگ [١٧]. پـان تورکیزم وەك هەر باوەڕێکی سیاسی و ڕاپەڕین زادەی بیری ڕۆڵـەکانی تاراوگـەی نیـشتیمان بـوو. سـەرەتا نیشتیمانی دایك واتـە تورکیـای عوسمـانی بایـەخی پێنـــەدا. زۆری پێنەچـــوو عەسمانییـــەکان پـــەیان بەکارامەیی سیاسی ئـەو تیۆرییـە بـرد. ئەگەرچـی هێنـــدێك پێانوایـــە پـــان تـــورکیزم لەبنەڕەتـــدا دروســتکراوی ڕۆشــنبیرانی نەتــەوە موســڵمانەکانی ئیمپڕاتۆری رووسیایە، وەلێ ئەم تیۆرییـە تـەنیا لـە تورکییەی عوسمانی زەمینەی لەباری بۆ رەخسا، دەنا هۆگری ڕۆشـنبیرانی موسـڵمانی ڕوسـیا لـە قۆناغـە سەرەتاییەکانی خۆی تێنەپەڕی.

## پان تورکیزم و پەرەپێدان بە سیاسەتی پێوەلکاندنی وڵاتانی دیکە

پەرەسەندنی داگیرکاری، بەرهەمی سیاسەتی پان تورکی و پان تۆرانیزمی ئیمپراتۆری عوسمانی بوو لـە کۆتایی سەدەی ١٩ە و سەرەتای سەدەی بیستدا. کە تورکـە لاوەکـان لـە سـاڵی ١٩٠٨ دەسـەڵاتیان بەدەستەوە گـرت پـەیڕەویان لـە بۆچـوونەکانی پـان تورانی ناسیۆنالیستگەلی وەك ضیاءگۆگ ئالب کرد، کە هاندەری یەکیـەتی هـەموو تورکزمانـەکان بـوو. ئامانجی سەرەکی ئەوانە ئازەربایجانی ئێـرانو ناوچـە تورکزمانەکانی پێشوی ئێـران لـە قـەفقازی باشـوور بـوو. هـەر بۆیـە لـە سـەرەتاوە تورکـە لاوەکـان سیاسـەتیکی پان تورکیزمیان لە بەرانبەر ئازەربایجانی ئێران گرتە پـێش. بـشێوی و ئـاژاوە لـە ئێـران، بـە

تایبەت لە ئازەربایجـان دوای شۆرشـی مەشـرووتە تـا کۆتایی شەری یەکەمی جیهان، رێگـەی خۆشـکرد بـۆ دەستێوەردانی تورکـە لاوەکـان لـە بـواری سـەربازیو کلتووری. (١٨)

لە ئامانجە هەرە گرینگەکانی هێرشی عوسمانی بـۆ سـەر ئازەربایجـانی ئێـران یارمەتیـدانی تورکـەکانی قەفقاز بوو بۆ سەربەخۆیی و پێکهێنانی ریکخراوگەلی پان تورکی لە ئێران. بەهۆی یارمەتی و پـشگیریکردن و بوونی سوپای عوسمـانی لـە ئازەربایجـانی ئێـران بـۆ یەکەمینجار بلاوکراوەیەك بە نـاوی"ئازەربایجـان" لـە تەورێز بلاوکرایەوە. لەم بلاوکراوەیەدا جـەخت لەسـەر تورکی بوونی ئازەربایجـان دەکـرا (١٩) تورکـە لاوەکـان ماوەیەك هەولیان دەدا چەند لقێکی حیزبـی یـەکێتیی ئیسلام لە ئازەربایجان دابمەزرێنن و ئازەرییەکانی ئێران بـۆ لای خۆیـان راکێـشن. ئـەم حیزبـە خوازیـاری سەربەخۆیی ئازەربایجـانی ئێـران بـوو. بـەلام زۆربـەی رێبەرانی ئازەری دژی سیاسەتی عوسمانی بـوون. هـەر چـەندە خـەلکی ئازربایجـان لەئـەنجامی داگیرکـاری رووسـەکان، دەردو ناسـۆرێکی زۆریـان چێـشتبوو پێـشوازییان لـە هێزەکـانی عوسمـانی وەك هێزێکـی رزگارکەر کرد، بـەلام ئەمـە کورتخایـەن بـوو چـونکە هێزەکانی عوسمانی لـە تـەورێز رەفتـارێکی ئـەوتۆیان لەگەل خەلکدا کرد بـیرەوەری تـالان و بـرۆی سـالانی پێـشووی داگیرکـاری عوسمانییـان زینـدوو کـردەوە. لایەنگرانی پان تۆرانیزم لە ئازەربایجان زۆر کەم بـوون، زۆربەی رابەرانی ئازربایجـان لـە دژی پرۆژەکـانی پـان تۆرانیزمی تورکان وەخۆکەوتن. هەولی بـەکرێگیراوانی عوسمانی بۆ راکێشانی تورکمەنـەکانی خوراسـان لـەوە ناکامتربوو، چونکە ئەوان بەژیانی خێلەکی خۆیان باش لە پان تۆرانیزم تێ نەدەگەیشتن. (٢٠)

دوای ئەوە شورشی شێخ محمدی خیابانی لە سـالی ١٩١٩ لـە تـەورێز، دژی بـە رووسـیەوە لکانـدنی ئازربایجـان وەسـتا و لـە راگەیەندراوێکـدا تێکـرای بیانییەکانی تاوانبار کرد. ئـەو بـە هـۆی وێکـچوونی ناوی ئازەربایجانی ئێران و ئازەربایجانی تازە دامەزراوی قەفقاز خراپ سوود وەرگرتن لە ناوەکانیان نارازی بوو، داوای کـــرد نـــاوی ئازەربایجـــان بگـــۆرێ بـــە "ئازادیستان". (٢١)

هاوکات لەگەل پەرەسەندنی هزری پان تورکیزم لـە ئیمپراتـۆری عوسمـانی، هێنـدێك لـە رووناکبیرانی تورکزمان لە رووسیەو ئێران هاتنـە تورکیـەو کەوتنـە ژێـر کاریگـەری ئیـدیۆلۆجی پـان تورکیزمـەوە. هێندێکیان بەرادەیـەك پـان تورکیزمیـان پەسـندکرد، کەسانێکی وەك ضـیا عگـوگ ئالـپ یـان هێنایـە ژێـر رکێفی خۆیانەوە. ئەم رووناکبیرانە وازیان لە پێناسـەی ئیسلامیی خۆیان هێناو روویان لە پان تـورکیزم کـرد. دوای گەرانـەوە بـۆ بـاکۆ لـە بلاوکاوەکـانی خۆیانـدا پروپاگەندەیان بۆ هزری پان تورکیزم دەکرد. رەسولزادە یـەکێك لـەم رووناکبیرانـە بـوو دوای گەرانـەوەی بـۆ ئەستانبۆل، لە سالی١٩١١ ـ١٩١٢لـە بـاکۆ حیزبـی "مساوات"ی دامەزراند و هـەموو هـەولی خـۆی بـۆ سـەربەخۆبوونی ناوچـە تورکزمانـەکانی قـەفقاز خستەگەر. رسولزادە حزبی مـساواتی کـردە ناوەنـدی تێکۆشـانی نەتـەوەخوازی دژی رووسـیە. حیزبـی مساوات بە رێبەری رەسولزادە چەند ناوچەی باشـووری قەفقازی کە تـا ئـەو کـات زیـاتر بـە نـاوی خانـات،

شیروان، باکوو گەنجە و. . . بە ناوبانگ بوون وەك کۆمارێکی سەربەخۆیی ئازەربایجان ڕاگەیاند. (٢٢)

ئەم کۆمارە تازە دامەزراوە لە ئاپریلی ١٩٢٠ دوای هێرشی یەکیەتیی سۆڤییەت بێ ئەوەی بەرگرییەك بکا رووخاو رووسەکان دوای سالێك دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت. یەکێك لە نیشانە سەرەکی وکاریگەرەکانی ئاسانی زاڵبوونی دەسەلاتی مۆسکو بەسەر قەفقازدا بە گشتیو ئازەربایجان بە تایبەتی، پێکهاتنێکی سیاسی و هاریکاری بەربلاوو کورتخایەنی نێوان لایەنگرانی ئاتاتورك لە تورکیەو بەلشەفیکە دەسەلاتدارەکانی رووسیە بوو. (٢٣) رەسولزادە لە سەر دژایەتی کردنی دەسەلاتی رووسیە لە ئازەربایجاندا ماوەیەك زیندانی کراو دوایی بۆ رۆژئاوا هەلات. ماوەیەك وەك نووسەرێك لە تورکیەی نوێ مایەوەو لە ساڵەکانی ١٩٣٠ گەرایەوە بۆ ئورووپا.

پێکهاتنی کۆماری نوێی تورکیەو دوابەدوای بە دەسەلات گەیشتنو پتەوکردنی پایەکانی دەسەلاتی ئاتاتورك، کاردانەوەیەك دژ سیاسەتی کوسمۆپۆلیتیزمی ئیپراتۆری عوسمانی و پان تۆرانیزمی تورکە لاوەکان لەم ولاتە هاتەئاراوە. رێبەرانی پان تۆرانیزم لە دەسەلات لابران و پان تۆرانیزم قەدەغە کرا. لە هێندێك پێگەی بچووکی روناکبیرانی تورك بەولاوە، پان تۆرانیست ئیتر وەك جاران رەونەقی نەما. ئاتاتورك لە نێو سنوورەکانی تورکیا گەرەکی نەبوو بە گرتنەبەری سیاسەتی پان تورکیزم گرژی لەگەڵ ولاتانی دراوسێ بخولقێنێ. ئەو دەیەویست تورکیا ببێ بە ولاتێکی ئەوروپایی، لایەنگری هێنانەدی هزری پان تورکیزم، یا کۆتایی پان ئیسلامیزمی نەدەکرد. بۆ جێبەجێ کردنی ئەم سیاسەتە پێوەندی نوێی بەست لەگەڵ ئەو نەتەوانەی بە بۆچوونی تورکان بە نەتەوەی تورك پێناسە دەکران(٢٤). ئاتاتورك کە ئایدیۆلۆجیستێکی دیکە بێجگە لە نەتەوەخوازی خۆماڵی و ناوەندگەرای لە تورکیە شك نەدەبرد، رێگەی لە گەرانەوەی رێبەرانی "یەکیەتیی و پێشکەوتن" گرت و پروپاگەندەی پان تورکیزمی قەدەغە کرد. هەر بۆیە پان تورکیزمی سیاسی لەگەڵ سەرکەوتنی کەمالیسەکان و راگەیاندنی کۆمار لە تورکیە وەلانرا(٢٥). لەگەڵ دەستپێکردنی شەری دووهەمی جیهان، ئەلمانییەکان تێدەکۆشان ببنە هاندەری تۆرانیستەکان، بەلام دوای سەرنەکەوتنی ئەلمان لە شەری ستالینگرادو پێشرەوی سوپای سوورو زۆربوونی ئەگەری سەرکەوتنی یەکیەتیی سۆڤییەت، تێکۆشەرانی پان تورکیزم لە ساڵی ١٩٤٤ دادگایی و زیندانی کران. بەم شێوەیە پان تورکیزم بایەخی سیاسی خۆی لە دەست دا و وەك بزووتنەوەیەکی کلتووری درێژەی بە ژیانی خۆی دا.

لە ساڵی ١٩٦٠ حزبی پان تورکیزم لە تورکیە دیسانەوە دەستی بەتێکۆشان کرد. ئالپ ئەرسەلان تورکش کە لە ساڵەکانی شەری جیهانی دووهەم پەیوەندی بە پان تورکیستەکانەوە کرد، لە ساڵی ١٩٦٦ حزبی "وەرزێرانی کۆماریخوازی" بە بیروباوەڕی پان تورکیزمەوە کرد بە حزبی "بزووتنەوەی نەتەوەیی". ئەم حیزبە تا کودەتای سەربازی ١٩٨٠ کە بەرهەمی قەدەغەبوونی حیزبە سیاسییەکان بوو لە گۆڕەپانی خەباتدابوو. رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو سەربەخۆبوونی ناوچە تورکنشینەکان، بووە تروسکەو هیوایەك بۆ تورکیا.

## پان تورکیزم و سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو

رووسیە دوای داگیرکردنی قەفقاز لە شەرەکانی ئێران و عوسمانی بریاریدا بەربەرەکانێی پەرەسەندنی کلتووری ئێران بکا کە لە ناو خەڵکی تورك زمانی قەفقاز زۆر بوو. روسییەدژی زال بوونی زمان و ئەدەبیاتی فارسی لە قەفقاز بۆ زیندوو کردنەوەی زمانی تورکی هەوڵێ زۆری دەدا. لە راستی دا ئەمە یەکەم هەنگاو بوو بۆ پێناسە کردنی خەڵکی ئەودەڤەرە. سیاسەتی کلتووری رووسیە، بە کەڵك وەرگرتن لە زمانی تورکی بۆ بەربەرەکانێی زمانی فارسی، بە سەرهەڵدانی پان تورکیزم لەناو ئیمپراتۆری عوسمانی، بە هێزتر بوو. بەم پێیە، ئاکامی بەربەرەکانی و دژایەتیی کردنی ئێران لە قەفقاز، بووبەهۆی پەرەسەندنی هزری پان تورکی لەناو بژارتەی سیاسی و هزری قەفقاز. بە سەرەنج دانە دوژمنایەتیی دێرینی رووسیەو ئیمپراتۆری عوسمانی، رووسەکان لە پەرەسەندنی ئەم بیرو بۆچوونانە زۆردەترسان و سەرئەنجام بڵاوکردنەوەی چاپەمەنیی پان تورکیان قەدەغەکرد. (٢٦)

دوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی گەرچی بژارتەی پان تورکیزم بۆ هێنانە ژێر ڕکێفی قەفقازو ئازەربایجانی ئێران و پێکهێنانی ئیمپراتۆری عوسمانی، بە ئارەزووی خۆیان نەگەیشتن، بەڵام درێژەیان بە تێکۆشانی خۆیان دا. رووخانی ئازەربایجان لە ساڵی ١٩٢٠ و یەکگرتنەوەی لەگەڵ یەکیەتیی سۆڤییەت و پەرەسەندنی هزری مارکسیستی بیروبۆچوونی خۆ ئیدارەکردن، بژارتەی تورکی بەهێز کرد.

دوای رێکەوتنی ئێرانو رووسیە لە ساڵی ١٩٢١، پێوەندی لە نێوان ئەو دوو وڵاتە پێکهات، بەڵام سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤییەت لە ساڵەکانی ١٩٤٠ ئاڵوگۆڕی بەسەر داهات. داگیرکردنی ئازەربایجانی ئێران لە ساڵی ١٣٢٠ هەتاوی نیشانەی قۆناغێکی نوێ بوو کە رێبەرانی رووسیە بە مەبەستی ستراتیجی خۆیان دەستیاندایە بڵاوکردنەوەی هزرو رێنوێنی بزووتنەوەی سیاسی و ناوچەیی. سەرهەڵدان و رووخانی "فرقەی دیموکرات" و کۆماری دیموکراتی ئازەربایجان یەکێك لە باشترین نموونەگەلی سیاسەتی یەکیەتیی سۆڤییەت بوو بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئازەربایجان. (٢٧) دوای رووخانی فرقەی دیموکراتی ئازەربایجان، ناوەندی گەڵاڵەکردنی، پروپاگەندەو رێکخستنی بزووتنەوە نەتەوەییەکان گوازرایەوە بۆ باکۆ. فرە لە رۆناکبیرانی ئازەربایجانی یەکیەتیی سۆڤییەت و هێندێك لە ئازەرییەکانی ئێران دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی وتار لە سەر کێشەی نەتەوەیی ئازەربایجانی ئێران. "کێشەی باشوور"، ئازەربایجانی یەکگرتوو" و سەرکەوتنی ئازەرییەکان لە ئێران"، لەو چەمکانە بوون کە ئەم رۆناکبیرانە لێی دەدوان. (٢٨) ئاکادیمی علومی یەکیەتیی سۆڤییەت ئۆرگانێکی مێژووی ئازەربایجانی لە ئاکادیمی علومی باکو دامەزراند تا پەرە بە بزووتنەوە رزگاریخوازو نەتەوەییەکانی وڵاتگەلی رۆژهەڵاتی ناڤین بدا. ئەم دامەزراوەیە دەستیکرد بە لێکۆڵینەوە لەسەر ئێران، خەباتی رزگاریخوازی لە ئازەربایجانی ئێران یەکێك لەو لێکۆڵینەوانە بوو. لە ساڵی ١٩٧٦ بەشێك بە نێوی زمان و ئەدەبیاتی ئازەربایجانی باشوور لە

دامەزراوەی نیزامی گەنجەوی لـە ئاکـادیمی علـومی یەکیتی سۆڤییەت پێکهات[٢٩] لە ئاکامی تێکۆشانی ئەم دامەزراوانە هزری جێگیرکردنی کێشەی باشـوور پێکهــات. دوای شۆرشــی گـــەلانی ئێـــران، ئـــەم دامەزراوانە بە شێوەیەکی نـوێ درێـژەیان بـە کـاری خۆیان دا.

بێجگە لەوە، لایەنگرانی هزری پـان تـورکی لـە یەکیەتیی سۆڤییەت هـەوڵیان دا چـەمکێکی وەکـو ئازەربایجانی یەکگرتوو وەکـو راسـتییەکی مێـژوویی بهێنـە گـۆڕێ، بـەڵام پێویـستە ئـەوەش بـزانین کـە بۆچوونێکی ئاوا هـەرگیز نـەبووە، دەرکـەوتنی ئـەو بابەتە تەنیا سیاسەتی فراوانخوازی رووسەکان بوو لـە سەدەی بیستەم دژی ئێران[٣٠].

## رووخانی یەکیەتیی سۆڤییەت و پان تورکیزم

روخانی یەکیەتیی سۆڤییەت، ئازادبوونی کتوپڕی خەڵکی ئاسیای ناڤین و قەفقاز، هاتنە نـاو جەرگـەی وڵاتانی سەربەخۆی جیهـان، نـە بـە ویـستی خۆیـان بەڵکو لە سـەرەوە، بەشـێوەیەکی چـاوەڕوان نـەکراو لەناوەندەوە ڕێنوێنی کـرا. سیـستمی دەسـەڵات لـە هەموو یەکیەتیی سۆڤییەت زووتر لـەوەی چـاوەڕوان دەکـرا رووخـا، بـێ ئـەوەی جێنـشینەکەی هـەڵی خۆدروستکردن و کـامڵبوونی هـەبێت. هـەر بۆیـە دووبەرەکی کۆمەڵایەتیی و بۆشایی هێز پێـك هـات. ئەم دوو بەرەکی وبۆشـایی هێـزە لـە ئاسـیای نـاڤین فرەتـر بـوو، چـونکە جگـە لـە نـەبوونی ئـەزموونی خۆبەڕێوەبردن، خەڵکی ئەم ناوچەیە دوای سەدان ساڵ بە سەربەخۆیی گەیشتن دەبوو یەکشەوە رێگەی سـەد ساڵەی گەشەسەندن و پشت بەخۆبەستن ببرن، لە بـەر نەبوونی کەسـانێکی سیاسـی و کـارزان کـە بتـوانێ رێبەری رەوتی پەرەسەندن وەئەستۆ بگـرێ، هێنـدێك لـەو کومونیـستانە کـە لـە سیـستمی یەکیـەتیی سۆڤییەت بارهاتبوون لە زۆربەی کۆمارەکانـدا یـەك شەوە ئاڵوگۆڕیان بە سەردا هات و بوونە نەتەوەخواز و دیمـوکراتێکی تونـدرەو جڵـەوی (کەشـتی بـێ کەشتییەوانیان ) بەدەستەوە گرت[٣١]

چۆنیەتیی کۆماری تازە دامەزراوی ئازەربایجان لە پێشدا وێکچۆنێکی فرەی بە کۆماری ساڵەکانی ٢٠ـ ١٩١٨ هـەبوو. رێبـەران و رۆنـاکبیرانی کۆمـاری ئازەربایجان لەو ساڵانە دا بە هـزری پـان ئیـسلامیزم دەستیان بـە تێکۆشـان کـرد و دوایـی بـە لای پـان تورکیزمدا بایـان دایـەوەو لـە کۆتاییـدا زۆر لەوانـە بەرێککـەوتن لەگـەڵ رووسـیە، رووخـانی کۆمـاری سـەربەخۆی ئازەربایجـان و دامەزرانـدنی کۆمـاری ئازەربایجانی سۆڤییەتیان پەسـەند کـرد[٣٢]. لـە ٧٠ ساڵی رابردوو ناسنامەی سۆڤییەت ببوو بەسەرپۆشی یەکگرتوویی ئازەربایجـان، شـاردنەوەی دووبـەرەکی، چـەن پارچـەیی و دژایـەتیی نێوخـۆیی و ناسـنامەی سەرەکی ئازەربایجان، بەڵام لەگـەڵ رووخـانی رژێمـی سۆڤییەت، قەیرانی ناسنامە لەگەڵ قەیرانی سیاسـی و ئابووری سەرییهەڵدا و ئەمرۆ ئازەربایجان وەکـو ٨٠ ساڵ لەمەوپێش، محمد امین رسـول زادە، لـە کتێبـی "عـصرمیزین" (سیاوەشـی هاوچـەرخ)ی نووسـی، لەدەسـت نەخۆشـی لێکـدابڕان و چـەند پارچـەیی ناسنامەکەی دەناڵێنێ[٣٣].

رووخانی سۆڤییەتی پێشوو لە سەرەتاکانی دەیـەی ١٩٩٠ هزری نەتەوەیی لـە کۆمـاری ئازەربایجـانی بـە هێزترکـرد. بژارتـەی سیاسـەتمەدارانی کۆمـاری

ئازەربایجانی سۆڤییەتی پێشوو پان تورکیزمیان بە مارکسیزم ـ سۆسیالیستی رەنگ کرد بەڵام بژارتەی کۆماری ئازەربایجانی نوێ وازیان لە بیروبۆچوونی چەپ هێنا و جەختیان لەسەر پان تورکیزم کرد. ئەم سیاسەتمەدارە نوێیانە، بەرەی خەڵکی ئازەربایجانیان پێکهێنا. ابوالفضل ایلچی بیگ، یەکەمین سەرۆك کۆماری هەڵبژێراوی کۆماری تازەدامەزراوی ئازەربایجان و رێبەری بەرەی خەڵك، ناسنامەی نوێی نەتەوەی ئازەری لەسەر سێ بنەما دانا:١ـ ئیسلام ٢ـ تورك بوون٣ـ مۆدرنیزم. ئەو خوازیاری ئەوەبوو رەوتی پەرەسەندن لە ئازەربایجان لە سەر ئەم سێ بنەمایە دابمەزرێنێ. ئەم حیزبە لە تێکۆشانی خۆیدا پێی دادەگرت لەسەر فۆرمۆڵەکردن، پروپاگەندەو پێشبردنی هزری نەتەوەیی و زمانی هاوبەشی نێوان ئازەرییەکانو پێویستی مێژوویی یەکگرتنی رامیارییان. ئەوانە بۆ مسۆگەرکردنی هوشیاری نەتەوەیی تێدەکۆشان تا ئازەرییەکان دژی نەیارانی خەیاڵی هاوبەش، کە بوونەتە کۆسپی سەر رێگای یەکیەتیی نەتەوەیی، ئامادە بکەن. (٣٤) نەتەوەخوازانی سکۆلار هاودەنگ لەگەڵ تورکخوازان تێدەکۆشان ئێرانیش وەکو رووسیە بە هێزێکی بێگانە و وڵاتێکی پاوانخواز بناسێنن کە لەو دەڤەرەدا دژایەتیی پەرەسەندنی دەسەڵاتی نەتەوەیی ئازەربایجان دەکا (٣٥) ئەم کارەش راڤەکردنەوەی دووبارەی مێژوو، لەبەرچاو نەگرتنی راستییە مێژووییەکان، داهێنانی ئەفسانەو نەریتی نەتەوەیی، دروستکردنی یەکەیەکی سیاسی و مێژوویی جیاواز لە ناوچەکانی دراوسێی، گەرەك بوو[٣٦]

ئەم پێناسەیەی بەرەی خەڵك بۆنەتەوەی ئازەربایجان، وەك راستییەکانی سالانی رابردوو سەلماندوویانە چوارچێوەیەکی دیاریکراو نادیموکراتی هەبوو، چونکە لەسەر ئەو بنەمایەی کۆمەڵی مەدەنی نەبوو کە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی داڕێژراو و ناسرابێ، لە ئاکامدا هەندێك خەڵك هاوڵاتیانی ناوچەو نەتەوەی ناتورك و ناموسڵمانی نەدەگرتەوە. ئەم شێوە نەتەوەخوازییە بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی نەتەوایەتی نە تەنیا کێشە نەتەوەییەکانی فرەتر کرد، بەڵکو ئەو کێشەیە لە سیاسەتی دەرەوەی ئازەربایجان رەنگی دایەوە کە بریتی بوون لە: "نزیکی رادەبەدەر لە تورکیە" کە ئەمەش رۆڵی نیگەتیڤی هەبوو لەسەر پێوەندییەکانی ئازەربایجان و دراوسێیەکانی دیکەی بە تایبەت ئێران، رووسیەو ئەرمەنستان.

سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی یەکلایەنەو لاسەنگی، ایلچی بیگ، هۆیەکی گرینگی تێشکانی حکوومەت و شکستی رەوتی نێگەتیڤی رووداوە سیاسییەکان، لەوانە تێشکانە یەك لەدوابیەکەکانی بەرەکانی شەر لەگەڵ ئەرمەنییەکان. بەدەسەڵات گەیشتنی حەیدەرعەلییێف بووە هۆی ئاڵوگۆرێکی تایبەت لە سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەی کۆماری ئازەربایجان[٣٧].

نەتەوەخوازی فرەتر لە رۆژەکانی سەرەتای سەربەخۆیی ئازەربایجان دەهاتە گۆرێ، بەڵام چەند هۆکارێك باکۆی هان دا شێوەی دروشمە سیاسییەکانی خۆی بگۆرێ، گرینگترین هۆ گوێ نەدانی ئازەرییەکانی ئێران بەم دروشمە سیاسییانە و خۆشەویستی خەڵکی ئازەربایجان بەگشتی بۆ ناسنامەی ئیسلامی خۆیان، چونکە سیاسەتمەدارانی باکۆ لەم کێشەیە دەترسان کە داواکاری سیاسی و نەتەوەیی ئاکامێکی پێچەوانەی هەبێ. شەری خوێناوی نێوان ئازەربایجانو ئەرمەنستان

لەسەر قەرەباغ و نیگەرانی ئابووری لەو هۆکارانــە بــوو وایکرد سیاسەتمەدارانی ئازربایجان کەمتر دروشمــی پــان تورکیزم بەکاربێنن.

کۆماری ئازەربایجــان بــە ســەرنجدانە ئــەزموونی دە ســاڵەی خــۆی ناچــارە بەدارشــتنەوەی ناســنامەی نەتەوەییو کلتووری خۆی بۆ بنیاتنانــەوەی ئــابووری و رامیارییەکەی لە چەند لایەنی جیاواز کەڵك وەرگــرێ و بە بنەماو ئاوێتەیەکی هاوسەنگ بگات.

تایبەتمەنــدی خۆمــاڵی و نەتــەوەیی ئازەربایجــان، کلتوور، زمــان، دابو نــەریتی ئیــسلامیی، کلتــووری رووسی، جوغرافیای رامیــاریو مێــژووی، ئازەربایجــان ناچاردەکا خۆی ببوێرێ لە رەتکردنەوەی لایەنێك (ئــەم یا ئەو لایەن) و یــان پــشتبەستنی لاســەنگ بــە یــەك دوانێکیان ئەویش بــە وەلانــانی ڕەهەنــدەکانی دیکــە. گرفتی سەرەکی بەردەم رێبەرانی ئازەربایجان گرتنە بەری سیاسەتێکە کە لە سەر بنەمای هاوســەنگی پــوزەتیڤی ئەو بابەتە کلتووریانە دامەزرابێ کە سەرچاوەی هێــزە سیاسییەکانن.

دوای ڕووخانی سۆڤییەت وکۆتــایی هــاتنی شــەڕی ســارد، سیاســەتی" رووکردنــە ڕۆژهــەلات" بــرەوی پەیداکرد. بــە پێــی ئــەم سیاســەتە رێبــەرانی تورکیــە رۆلێکی نوێیان بۆ ئەم ولاتە لە ناوچەی ئاسیای ناڤین لە بەرچــاو گــرت[٤٠] بــوونی پێــنج کۆمــاری تورکزمــانی ئازەربایجان، تورکمەنستان، قەزاقــستان، ئۆزبەکــستانو قرقیزستان و هاوبەشی زمــان، کلتــووری، نەتــەوەیی و ئایینی بووە هۆی پەرەســەندن و پتــەوکردنی پێوەنــدی لەگەڵ ئەم کۆمارانە.

بێجگە لەم هۆکارانە چەند هۆکــاریکی دیکــە وەك پڕکردنەوەی بۆشایی ئێستاو شکاندنی بازنەی داخــراو، تورکیەی بۆ پتەوترکردنی ئەم پێوەندیانە هان دەدا. هەر بۆیە تورکیە بۆ پەرەپێدانی تورکخوازی و ناساندنی ئــەم ولاتــە وەکــو نموونەیــەکی ســەرکەوتووی دیمــوکرات و ســکۆلارو لەســەر بنــەمای سیــستمی ســەرمایەداری ئــابووری بــازار، سیاســەتو پرۆگرامــی کلتــووری و راهێنانێکی تایبەتی لە ناوچەی ئاسیای ناڤینو قــەفقاز گرتۆتە بەر. [٤١] هاندانی ولاتگــەلی ئــەم ناوچــەیە بــۆ گۆڕینی رێنووسی خۆیان لە رووسییەوە بۆ لاتــین وەکــو تورکیــە، هەوڵــدان بــۆ دروســتکردنی زمــانی تــورکی ئەستانبۆلی بە زمانی هاوبەشی ناوچە، کۆبوونــەوە بــە بەشداری رێبەرانی تورکزمــانی ناوچــە، بلاوکردنــەوەی ٢٤کاتژمێری بەرنامەگەلی تایبەتی و دەوڵەتی بۆ ئــەم کۆمارانــە، دانــانی قوتابخانــەی دینــی و ناوەندگــەلی راهێنانی تایبەت لــە ولاتــانی ناوچــە بــۆ پەرەپێــدانی کلتووری تورکیەو ئاتاتورکیزمو وەرگرتنی خوێندکار لە زانکۆکانی تورکیە لەو کارە گرینگانەن[٤٢].

بۆچــوونەکانی تورکخــوازی تونــدڕەو لەســەر رۆڵــی تورکیە وەك"برای گەورەتر" لــە پێوەنــدی لەگــەڵ ئــەم ولاتانــەو دارشــتنی ســەرەتایی پــان تورکیــستی وەك"پێکهــاتنی کۆمــەڵی تــورك" بــە تــەوەربوونی تورکیەو بەشــداری کۆمــارە تورکزمانــەکانی ناوچــە و گەلالەی پێکهاتنی "وەزارەتی جیهانی تورك"، بە هۆی دژایــەتیی رووســیە و رۆژئــاواو لاوازی تورکیــــە، وەدیهێنــــانی هــــەموو چــــاوەروانییەکانی کۆمــــارە تورکزمانەکان بە گشتی، جێبەجێ نەبووە[٤٣].

**پەراوێزەکان**

1. Jacob m, pan
٢- عنایت الله رضا ص ٦٠ـ ٥٩
٣- همان ص
٤- علی محمد تقوی اسلام و ملی گرایی
٥- جی، شاو
٦- تقوی
٧- حمید احمدی
٨- زارەـ واند افسانه پان تورانیسم
٩- برنارد، لویس
١٠- علیرضا سلطانشاهی
١١- تقوی، ص ٣٥ـ ٣٤
١٢- سلطان شاهی
١٣- عنایت الله رضا:ترکان وپان ترکیسم وپان تورانیسم"
١٤- واندس ٢١ـ ٢٠
١٥- عنایت الله رضا، "ترکان پان ترکیسم و پان تورانیسم"
16- serge a. zenkovsky
١٧- واند ص، ٤٥ـ ٤٢
١٨- احمدیـ ص ٣٢٧
١٩- احمد کسروی زندگانی من
٢٠- ریچارد کاتم ناسیونالیسم در ایران
٢١- احمد کسروی ترایخ ١٨ ساله آذربایجان
٢٢- حمید احمدی
٢٣- کاوه بیات
٢٤- محمد رضا حیدرزاده
٢٥- کاوه بیات ناسیونالیسم ترك و ریشەهای تاریخی آن
٢٦- حمید احمدیص ٣٢٧ـ ٣٣٦
٢٧- ریچارد کاتم
٢٨- گروه حمید کاتم زاده
29-. david b. nissman
٣٠- در این مورد نگاه کنید عنایت الله رچ ـ سید محمد طباطبایی
٣١- نیره توحیدی"زنان ناسیونالیسم و جستار هویت در جمهوری آذربایجان
٣٢- کاوه بیات"فروپاشی جمهوری آذربایجان
٣٣- اشاره است به داستان سیاوش در فردوسی
٣٤- نیره توحیدی
٣٥- ادموند هرتزیگ"سیاست خارجی ارمنستان و جمهوری آذربایجان
36- nasid nassibli, "azarbaijan.
٣٧- جهت اطلاع ر. ك به: ادموند هرتزیگ
٣٨- به نقل از حمید احمدی
٣٩- پان تورکیسم علاوه بر جمهوری آذربایجان در آسیای مرکزی به ویژه جمهوریهای ترك زبان اتحاد شوروی پژواك و تڤاهراتی داشته است.
٤٠- فرهاد عطایی
41- adris bal
٤٢- عطایی ص ١١٦ـ١١٣
٤٣- جواد انصاری ترکیه در جستجوی نقشی تازه در منطقه،